## ناوەرۆک

لاپەرە


لە جیاتی پێشەکی: چریکەیەک لە جەنگەڵدا ٥

١- بە مێژوو نامۆ ٩
بەشی یەکەم: مێژووی ناوچەگەری، یان مێژووی سەرانسەری؟ ١١
بەشی دووەم: ئەنترۆپۆلۆژیای ئیسلام و بەخۆنامۆکردنی نەتەوەی کورد. ٢٣
بەشی سێیەم: کولتووری جەنگەڵ، یان کولتووری گەڵ؟ ٤٠
بەشی چوارەم: سەروەری مێژوویی، یان ملهوڕی مێژوویی؟ ٥٢

٢- بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان دیاردەیەکی مێژووییە. ٦٣
بەشی یەکەم: دەربارەی ناوەرۆک و ئامانجەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان. ٦٥
بەشی دووەم: میکانیزمی پەیوەندی نێوان بزوتنەوەی کورد و بزوتنەوەی گەلانی ناوچەکە. ٨١
بەشی سێیەم: هەڵوێستی هێزە مارکسیەکانی ناوچەکە دەربارەی مەسەلەی کورد. ٩٣
بەشی چوارەم: تەنگوچەڵەمەی فیکریی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و ئاسۆیەکی روون. ١١٠
ئەنجام ١٢٥
سەرچاوەکان ١٢٧

دابنین. به واتایەکی دی نزمی هۆشیاری سیاسی و رادەی شارستانیی و کولتووری ئەم کۆمەڵگایانە و گێژبوونیان بە ئەفیونی ئایدیۆلۆژیای بورجوازی شۆڤێنی بوونەتە هۆی ئەوەی بەشی زۆری خەڵکی ئەم نەتەوانە دەرک بە مانا و جەوهەری ئازادی خۆیان نەکەن بەو پێیەی نەتەوەیەک، مارکس گوتەنی، ناتوانێ ئازادبێ کاتێ نەتەوەیەکی تر دەچەوسێنێتەوە.

لایەنەکەی تری ئەو مەترسی‌یە بەرای من، لەوەدایە کە بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیی کورد لەگێژاو و تەنگوچەڵەمەیەکی فیکری، سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەژی و، سەرەرای ئەو هەموو قوربانییە مەزنە جۆربەجۆرانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان داویانە، کەچی هێشتا بزوتنەوەکەیان بەگشتی، یان لەهەر بەشێکی کوردستاندا نەبۆتە ئەو چۆنایەتییە یەکگرتووە نوێیەی کە بەپێی پرۆگرامێکی زانستی ئامانج و ستراتیژی خۆی داببڕێژێ و بتوانێ کۆمەڵانی خەڵک لە دەوروەی خۆی کۆبکاتەوە و بەرەو سەرکەوتن رێبەرایەتییان بکات.

لەم باسانەدا هەوڵ دەدەم هەندێ پرسیار و بیروورای خۆم، وەک نووسەرێک، سەبارەت بە سروشت و ناوەرۆک و هەندێ لایەنی فیکری- ئایدیۆلۆژی بزوتنەوەکە بخەمەروو، کە زیاتر بە مەبەستی بیرکردنەوە و پرسیارکردنن نەک دەستنیشان کردنی چارەسەر بۆ گیروگرفتەکان، چونکە ئەمەیان کارێکە دەبێ بە کۆمەڵ ئەنجام بدرێ.

لە کاتێکدا بزوتنەوەی گەلی کورد بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازی نیشتمانییە بۆچی لە سنووری بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی خاوەن ئامانجی دیموکراسی تەسکدا تەنگەبەر کراوە؟ ئایا ئەم دیاردەیە بارودۆخێکی بابەتی مێژوویی سەپاندوویەتی یان بە هۆی لاوازی بزوتنەوەکەیە،

